# ڕەنجووری کەرکوکی، شاعیری فەرامۆشکراو



**موعتەسەم ساڵەیی**

کەم شار هەن کە بەقەد کەرکوك شاعیرو زانای تێدا هەڵکەوتبێت. شاعیری کوردی ناسراو (حاجی قادری کۆیی) ڕاستی فەرمووە کە دەڵێت:

دەشتی کەرکوكو کێوی هەورامان
شاعیری زۆرە بێ حەدو پایان[1] .

ئێمە لێرەدا ناوی چەند شاعیرێکی کلاسیکیو کۆنی شاری کەرکوكو ناوچەکانی دەوروبەری تۆمار دەکەین، تاوەکو دەگاتە نێوەڕاستی سەدەی بیستەم، کە بریتین لەم شاعیرە ناسراوانە: ڕەنجووری کەرکوکی (1750–1810)، میرزا شەفیعی جامە ڕێزی 1776–1836، مەلای جەباری 1806–1876)، فەقێ قادری هەمەوەند 1830–1890، شێخ عەبدولڕەحمان تاڵەبانی–خالص 1798–1858)، شێخ ڕەزای تاڵەبانی 1837–1910)، شێخ محەمەدی کوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانی (خالیسی) 1875–1928، شێخ عەبدولقادری تاڵەبانی–فائیز، سابیری 1882–1944، شێخ ئەحمەدی شاکەلی، ئەحمەد کەنۆش، کچەکەی ئەحمەد کەنۆش، محاك، نووحی، لوتفی 1905–1989، خەلیل منەوەر کاکەیی، 1863–1923، مەلا فەتۆش کاکەیی 1863–1919، یەسو کاکەیی 1831–1909، هیجری دەدەی کاکەیی 1911–1952، تاهیر فوئاد 1892–1925، ئەسیری 1895–1962، شێخ محی الدین، مامەند کەرکوکی، 1895–1966، ڕەفیق حیلمی 1898–1960،.. هتد.

ئێمە لێرەدا لەم نووسینەماندا دەمانەوێت هەندێك لەبارەی شاعیری گەورەی کەرکوکی‌یەوە (رەنجووری) بدوێین. داخی گرانم شاعیرێکی وەك رەنجووری زۆر بەکەمی لەبارەیەوە نووسراوە بەتەنیا یەك کتێب لەبارەیەوە لەچاپدراوە بەناوی (دیوانی رەنجووری) کە لەلایەن (محەمەد عەلی قەرەداغی)یەوە لە ساڵی (1983)دا بڵاوبۆتەوە.. گەرچی جاروبار لە چەند شوێنێکدا نووسین‌و لێکۆڵینەوەمان لەبارەی شاعیرەوە بەرچاو کەوتووە، وەك ئاگادارم چەند نووسەرێکی بەڕێز لەبارەی رەنجوورییەوە دواون یاخود نووسینیان بڵاوکردۆتەوە وەك: عبدولڕەقیب یوسف‌و مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی‌و محەمەد سدیق بۆرەکەیی‌و محەمەد عەلی قەرەداغی‌و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس‌و ئەحمەد تاقانەو دکتۆر مارف خەزنەدارو دکتۆر محەمەد کەساس جەباری‌و هاشم کاکەیی‌و عەبدولڕەزاق بیمار.. منیش لە ئاستی خۆمەوە لە ژمارە (156)ی ساڵی (2002)ی گۆڤاری (رەنگین)دا بابەتێکم لەبارەیەوە بڵاوکردەوە..

لەبارەی ژیان‌و رەچەڵەکی رەنجووری‌یەوە گەلێك رای جیا جیا هەن، بۆ نموونە مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەڵێ: وەکو بیستوومە مەلا عومەری رەنجووری کوڕی خالید بەگی کوڕی عومەر بەگی زەنگنەیەو خەڵکی دێی (گەڕاوی)یە لە (زەنگنە)[2] .

مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانیش دەڵێ:

(ناوی مەلا سەید محەمەدی کوڕی سەید یووسفە. بوێژێکی مەزن‌و زانایەکی بەناوبانگی چاخی خۆیەتی) مامۆستا ڕۆژبەیانی ئەم شاعیرە بەیەکێك لە شاعیرانی شێخان لەقەڵەم دەداتو درێژە بەقسەکانی دەداتو دەڵێت:

(دەربارەی ئەم بوێژە گەلێك ئەفسانە هەڵبەستراوەو دەڵێن: شەیدای دیداری پێغەمبەر (د.خ) بووەو چووە بۆ مەدینە. لەوێ پارچە هەڵبەستێکی زۆر جوانی بەسەر بارەگایا هەڵداوەو دەسبەجێ گری تێبەربووەو بووە بەقەقنەس‌و ئەم گەشتەی لە ساڵی (1300کۆچی) بووە[3] کە دەکاتە (1882 – 1883) زایینی.. مامۆستا ئەحمەد تاقانە لە ڕۆژنامەی (باسەرە)دا دەستنیشانی ئەم بۆچوونەی مەلا جەمیلی کردووەو، لەپاشاندا مامۆستا تاقانە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە گوایە چەند شاعیرێك بەناوی رەنجوورییەوە هەبووبێتن، یەکێکیانیش بەزمانی تورکمانی شیعری وتووە. تاقانە پەنا دەباتە بەر بەرگی سێیەمی کتێبی (کرکوك شاعرلری) کە بەزمانی تورکمانی لەلایەن (عەتا تەرزی باشی)یەوە داندراوە، لەبارەی رەنجووری‌یەوە هەندێك زانیاریی تۆمار کردووە، کە دەڵێت: (بەڕەسەن لەدەورو بەری کەرکوکەوە هاتووەو شاعیرێکی دەرەوەی شارە، بەڵام ئەوەی لێ تێدەگەین کەلەشاری کەرکوکدا گەورە بووەو پێگەییووە.. (..شاعیرێکە وەکو ئێمە بۆی دەچین لە سەرەتای سەدەی سیانزدەهەمی کۆچیدا ژیاوە..) بەپێی نووسینەکەی تاقانە وەها دەردەکەوێت کە (تەرزی باشی) دوو پارچە شیعرو پێنج خشتەکییەکی تورکی ئەم رەنجوورییەشی بڵاوکردۆتەوە. تاقانە دەقێکی شیعریی تورکیی بەناوی (غەزەل)ەوە لە کتێبەکەی تەرزی باشی وەرگرتووەو تۆماری کردووە، هەر تاقانە خۆیشی ئەو پاچە شیعرە تورکییەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئێمەیش لێرەدا هەردوو دەقەکە وەکو خۆی بڵاودەکەینەوە:

سیویدر شهر کرکوك ایچرە گوکلم بر خرامانی
کە برناز أیلە ویران أیلر بغدادو بصرانی
جمالی حسن یوسفدن فزون دیسم خطأ أولمز
کە یوقدر مصر بازارندە بویلە ماە کنعانی
أگر بو حسن أیلە بردم جمالندن نقاب آجسە
فلکردن گیچر عاشقلرك فریادو أفغانی

أماندر زاهدا سهو أيتمه آنكه مهرينه أويمه
عدودر دينه أيمانه آنك آول چشم فتانى
ديردى آول نگارم دون گيچركن خوش تبسمله
ندر رنجورى كيمدر ؟ كيم أوله بر (كورد) برانى
واته:
دڵم لەناو شاری کەرکوکدا حەزی لە خەرمانێك کردووە
کە بە تاکە نازێك بەغداو بەسرە وێران دەکا
ئەگەر بڵێم جوانیی لەوەی حەزرەتی یووسف پترە،
نابێتە هەڵە
کە لە بازاڕی میسردا مانگی کەنعانیی وەها
دەست ناکەوێ
ئەگەر بەم جوانییەوە ساتێك پەردە
لەسەر جوانی لابدا
هاوارو گریانی دڵداران، گەردوونەکانیش ڕەت دەکەن
ئەی (زاهید) دەخیلە بەهەڵەدا مەچۆ و
لەگەڵ ئەوینی ئەودا مەگونجێ
کە چاوی ئاژاوەگێڕیی ئەو دوژمنی ئایینو باوەڕە
ئەو نیگارەی من کە دوێنێ ڕەت دەبوو
بەزەردەخەنەوە دەیگووت
چییە ڕەنجووری؟ کێیە؟ دەبێ کێ بێ؟
کوردێکی دەرەکی؟! (4)

بێگومان ڕەنجووری لەنێو شاعیرانی سەردەمی خۆیدا ناسراوبووەو بەڕادەیەکی زۆر بەناوبانگ بووە. لەگەڵ (وەلی دێوانە)ی هاوسەردەمی خۆیداو چەند شاعیرێکی تردا نامە شیعریان گۆڕیوەتەوە، هەروەها بەهەمان دەستوور ڕەنجووری شاعیر لەنێو شاعیرە تورکمانەکانیشدا یاخود ئەوانەی کە کورد بوونو بەتورکمانی شیعریان داناوە، لەنێو ئەوانیشدا هەر ناسراو بووە، بۆ نموونە (هیجری دەدەی کاکەیی) بەبۆنەی مردنی (پیرەمێرد)ی شاعیرەوە کە هاوەڵی بووە، شیعرێکی شیوەنو ماتەمینی بەو بۆنەیەوە داناوە، لەنێو شیعرەکەیدا ناوی (ڕەنجووری)ی داناوەو خۆی بەو شاعیرە وەسف کردووە، ئەوەی مایەی ئاماژەپێکردنە وشەی (ڕەنجووری) بەمانای ڕەنجکێشو ڕەنجدەر دێت، ئەوەتا (هیجری دەدە) دەڵێت:
ئیمشەو سەحەردا یەك بانگ خیزا
چەدمای ئابانگ ماتەمو ڕێزا
پرسیم: چە هاتف ئێ ماتەم چێشەن
(توفیق) پیرەمێرد لوان چە دنیا
پەی سلێمانی یاران واوەیلا
دیم (نالی) ئاما خاك بەسەر کەردەن
پیرەمەردانو شاعیران مەردەن
(مەولەوی) دڵخون سیاپۆش بی بەن

هۆشیاران چەغەم، وەك مەدهۆش بی بەن
(رەنجووری) مەنەن بێ یارو بێ کەس
کەس بێ کەسان بۆوە فریادرەس[5]

مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لەسەر بەرگی دیوانی (رەنجووری)دا بە (مەلا عومەری زەنگنە) ناوی بردووە، هەروەها (دکتۆر مارف خەزنەدار)یش هەمان ڕێچکەی مامۆستا قەرەداغیی گرتووەتەبەرو لەبارەی شاعیرەوە نووسیویەتی:

(هەرچەندە زانیاری لەبارەی رەنجوورییەوە وەکو زۆربەی شاعیرانی کۆنی کورد کەمە، بەڵام شیعرە کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەمەندنو رەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیی گشتیو ژیانی شاعیر خوێن، دەکارین بەهۆی شیعرەکانیەوە تا پلەیەك بیناسین.

رەنجووری شاعیر مەلا عومەری زەنگنە کوڕی خالید بەگی کوڕی عومەر بەگی زەنگنەیە. لەساڵی (1750)دا لەئاوایی (گەڕاوی)ی ناوچەی کەرکوك لەدایك بووە، بەڵام زۆربەی ژیانی لە کەرکوك بردۆتەسەر)[6].

لە ژمارە (1309) ساڵی (1955)ی رۆژنامەی (ژین)دا بەم جۆرەی خوارەوە شتێك لە بەسەرهاتی ئەم شاعیرەی بۆ تۆمار کردووین:

(رەنجووری: ناوی مەلا عومەرە لە دەرەوەی فەرمانڕەوایی ئەحمەد پاشای دوا حوکمداری باباندا ژیاوە، زاناو شاعیر بووە، وەکو ئەڵێن سۆفی رەوشت بووە، هەمیشە لە ژوورێکی تاریکدا کە پەنجەرەیەکی بچووکی تیا بووە، لەبەر رووناکیی پەنجەرەکە بەنووسینەوەی شیعرو کتێب خوێندنەوە رایبواردووە، وەئەگەر بۆ دەرەوەیش چووبێ عەباکەی داوە بەسەریاو سەری داخستووە، نەبادا چاوی بەئافرەتی بێگانە بکەوێ، رۆژێکی بەهار قوتابیەکانی زۆری لێئەکەن کە بیبەن بۆ قەراخ شار بۆ سەیران، ئەویش بێدڵییان ناکاو لەگەڵیان ئەچێ، لەنزیك (کانی با)وە بەرەنگاری چوار کچی پەری روخسار ئەبێ، کچەکان بەنیازی فەرو بەرەکەت هەریەکەیان قۆڵی ماچ ئەکەن، رەنجووریش هەر لەوێدا دائەنیشێو قەڵەمدانەکەی لە کەمەریەوەو قاقز لە باخەڵی دەردێنێ، چوار هەڵبەستی جوان ئەنووسێ بەناوی (چوار پەری رەنجووری)!

نووسەری وتارەکەی (ژین) کە ناوی تەواوی خۆی نەنووسیوە، بەڵام مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی وەهای بۆ دەچێت کە ئەو نووسەرە مامۆستا نەجمەدینی مەلایە..[7] .

منیش لەئاستی خۆمەوە کە بەم نووسینەی رۆژنامەی (ژین)دا دەچمەوە، ناوی ناوچەی (کانی با)م دەکەوێتە پێش چاو، بەڵام من وەهای بۆ دەچم (کانی بی) بێت کە گوندێکی بچووکە لەناوچەی (ئاغجەلەر) نەوەك (کانی با)، چونکی رەنجووری بۆ ماوەیەکی زۆریش لەناوچەی ئاغجەلەر بووە.. لەنێوان رەنجووریو شاعیرێك بەناوی (شێخ حەسەنی کانی بی) کە نازناوی (هیجرانی)یە نامە شیعری هەبووە. وەها دەردەکەوێت کە ئەم (هیجرانی)یە خەڵکی دێی (کانی بی) بوو بێت. لەهەمان کاتدا لە پارچە شیعرێکی رەنجووریدا چاومان بەکۆمەڵێك شاعیرانی ئەو سەردەمەی خۆی دەکەوێت، کە بەداخەوە شارەزاییمان لەبارەی ژیانی زۆربەی ئەو شاعیرانەوە نییە. بەم شێوەیەی خوارەوە ناویان دەباتو دەڵێت:

شوعەرای کوردستان گۆیندان خاص
هەرچی مەشهوورەن پەرێت کەرووباس
مەلا نەجەف نام، خانای قوبادی
یەك مەلا ساڵح جەرگەی مورادی
مەلا مستەفای بێساران مەنزڵ
مەلا حاجی جاف، عومەرئۆمەرمل

عەزیز دەردین، محەمەد عیسا بەگ
حاجی تیلەکۆ، فەقێ عەلی لەك
یوسف یاسکە، مەلا تەمەرخان
شێخ عەلی حەریر، مەلا یەعقووب جان
شێخ وەیس گەڵاڵی، عەزیزولێ لوڕ
شێخ محەمەد جامی، مەلا بایندڕ
ئەحمەد دۆڵەیی، عەبباس پانی
باکی‌و سیاپۆش، دەدە سێوانی
حسەین خان لوڕ، شاعیر جوبرائیل
جانگیرو مەنسوور، هەم میر ئیسماعیل
ئەحمەد بەگ، چەنی محەمەد ئاغای زەند
ئاخە پاوەیی، نەڤەر کاکەوەن
عەلی خودا کەرەم، محەمەد ئاغا نام
باکی (بێمۆشی)، کابەی فام تەمام
وەلی دێوانە، خواجەی ئەردەڵان
شێخ شەهابەدین، شاقەڵا ئەیوان
مەلا نوورعەلی، یوسف دەردین
شاڤ‌و وەلی خان، کارێزی حەزین
ئیسماعیل داود، بەکر خاڵدانی
محەمەد زەنگنەو، نەدەر ڕەوانی
مەحمود ئاغای زەند، مەلا کامی نام
قەمەڕاڵی نامە، ڕەوانی مەقام
مەولانا ئیلیاس، زەبوونی زیننور
یەك فەقێ ئەحمەد وەناکام مەشهوور
هەنی باقی شوعەرای کوردستان
دڵداران خاص پۆل سەرمەستان [8].

......................................................

وەك زانراوە ڕەنجووری بۆ ماوەیەکی زۆر ماڵی لە کەرکەك بووە بەتەنیشت مزگەوتەکەیەوە، کە دەکەوێتە گەڕەکی زێویەی سەر بەگەڕەکی گەورەی ئیمام قاسم. پاش مردنی ڕەنجووری مزگەوتەکە دەرمێت‌و دەبێت بەکەلاوە. ئەوەبوو لە ساڵی (1958)دا باوکی مەڕحومم (مەلا عەبدولجەبار ساڵەیی) سەرلەنوێ مزگەوتەکەی دامەزراندەوە. باشم لەبیرە کاتێك کە مزگەوتەکە دامەزرایەوە تەنانەت کۆنە دیواریشی بەدی نەدەکرا، بەڵام خەڵکی دەیانووت ئەوێ شوێن‌و مەنزلگای شاعیری گەورە ڕەنجوورییە. باوکم گەلێك لە شیعرەکانی ڕەنجووری‌و مەولەوی‌و مەحوی‌و تاهیر بەگی جاف‌و شێخ ڕەزای تاڵەبانی‌و سەعدی شیرازیی ئەزبەر بوو. هەر ئەویش وەهای لێکردم کە لەڕادەبەدەر حەزم بەشیعری کلاسیکی بێت. هەر لە سەردەمی مناڵیمەوە حەزم بەشیعرو هەڵبەستی کۆنەو ئیستایشی لەگەڵدا بێت ئەوەندە شیعری تازەو نوێ سەرنجم ڕاناکێشێت...!
ساڵی (1984)دا مامۆستا (عەبدولڕەقیب یوسف) سەردانی شاری کەرکوکی کرد، بەدوورو درێژی لەبارەی

ژیانی رەنجووری‌و مزگەوتەکەی‌و گڵکۆکەیەوە لێکۆڵینەوەی کردبوو، چاوی بەچەند کەسانێك کەوتبوو لەگەڵیاندا لەبارەی شاعیرو ئاسەوارەکانیەوە دوابوو. هاتبوو سەردانی باوکمی کردبوو، بەڵام ئەوسا لەبەدبەختیدا من لەماڵ دوورکەوتبوومەوە. لەو ڕۆژانەیشدا دەنگۆی ئەوە لەئارادابوو گوایە حوکمەتی بەعس دەیەوێت مزگەوتەکە برووخێنێت. باوکم مامۆستا عەبدولڕەقیبی نەناسیبوو، نەیزانی بوو کە بەمەبەستێکی پاکی کوردانەوە هاتۆتە کەرکوك، بۆیە بەداخەوە وەڵامی پرسیارەکانی نەدابووەوە.. مامۆستای ناوبراو لەئاکامی ئەو سەردانەیدا بابەتێکی بەپێزی بەناونیشانی (بەشێك لە ژیان‌و بەرهەمی زاناو شاعیری کورد مەلا عومەری رەنجووری شاڵە بەگی) لە ژمارە (107)ی ساڵی (1985)ی گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ)دا بلاوکردەوە.

مامۆستا عەبدولڕەقیب بەباشی مزگەوتەکەی رەنجووریی دەستنیشان کردووە، هەروەها شوێنی گۆڕەکەیشی دەستنیشان کردووەو وێنەی بۆ گرتووە، کە ئێستا دەکەوێتە پشت گۆڕستانەکەی شێخ محێدین و لەنێو کۆنە باخچە گشتییەکەو بەتەنیشتی قوتابخانەی ئیمام قاسمی سەرەتایی جاران‌و قوتابخانەی ناوەندی (رزگاری)ی ئێستا. وەك لە زمانی پیرەمێردەکانەوە تۆماری کردووە، کەوا لە ساڵی (1941) بەدواوە شوێنەواری گۆڕەکەی رەنجووری نەماوەو کەوتۆتە نێو باخچە گشتیەکەوە. حاجی سابیر تۆفیق مەلا قادر بۆ مامۆستای ناوبراو دواوەو وتوویەتی کە مەحسووبەکانی رەنجووری ساڵانی زوو ئەهاتن‌و لەسەر قەبرەکەی کۆدەبوونەوەو سۆزیان دەکردو دەیانووت (یاخوا رەنجووری قەبرت پڕ نووربێ).. حاجی مەلا عەبدوڵڵا مەلا محەمەد ئەمین ناسراو بە (خاوەن دنگەکە) بۆ مامۆستا عەبدولڕەقیب دواوەو ئەویش بەم جۆرە قسەکانی تۆمار کردووە: (ئیمە مندالْ بووین ئەچووینە شوێنی ئەم مزگەوتەی ئێستای (زێویە) کە ناسراوە بەمزگەوتی (شێخ جەبار) لە گەرەکی یادگار. مزگەوت بوو دیوارەکانی مابوو پێی ئەوترا (تەکیەی رەنجووری) و چۆڵ بوو یاریمان لێ ئەکردو لەناو مزگەوتەکە پەڕی کتێب با ئەیبردو ئەیانووت ئەمە پەڕی کتێبەکانی شێخی رەنجوورییە. وەهام زانیوە کە کتێبەکانی رەنجووری بۆ ئەوەی لەژێر دەستو پێدا نەمێنێ کراونەتە ناو سەندووقێك‌و لە (میحرابی) مزگەوتەکەدا لەناو خاك داپۆشراون..! [9] .

مامۆستا عەبدولڕەقیب ئەرکێکی زۆری کێشاوەو لەئەنجامدا توانیویەتی چەند دەستنووسێکی گرنگی رەنجووری لە نامەخانەی ئەوقافی شاری بەغدا بەچنگ بهێنێت. لە هەموویان گرنگتر ساڵنامەکەیەتی، کە بەپێی قسەی مامۆستا لە (23) لاپەڕەدایەو زۆربەی لاپەڕەکانی نۆ دێڕن، لە چوار جێگەدا هێندێك لاپەڕەی لێکەوتووەو رەنگە دە لاپەڕەیەك زیاتری لێکەوتبێت. دەستنووسەکە بەزمانی فارسی نووسراوەو لە ساڵی (1810)ی زاینیدا شاعیر نووسیویەتی، بەڵام ئەم دەستنووسەی کە لە نامەخانەکەدایە، لە ساڵی (1915 - 1916) لەلایەن (هەوایی)یەوە لەسەر نوسخە بنەڕەتیەکەی بۆ جاری دووەم نوسراوەتەوە. ئەم مەلا محەمەد ئەمین هەواییە کوڕی مەلا ئەحمەدی دوو شوانییە. لە ساڵی (1923) ی زاینی کۆچی دوایی کردووە. ماوەیەك لە خانەقا لە شاری کەرکوك خوێندوویەتی.

رەنجووری لەو ساڵنامەیەدا بەوردی باسی گەلێك رووداو و بابەتی مێژوویی گرنگ دەکات. وەك باسی هەڵاتن‌و ئاوابوونی ئەستێرەی گەلاوێژو کۆ (پیرۆ) و تەرازوو دەکات. مێژووی مردنی رەنجووری هێشتا بەتەواوەتی ئاشکرا نەبووە، بەڵام تا ساڵی (1810)ی زاینی هەر لەژیاندا بووە، چونکی لەو ساڵەدا خەریکی رێکخستنی ساڵنامەکەی بووە. لەهەمان ساڵدا عەبدوڵڵا پاشا بەپلەی یەکەم لەلایەن عەبدولڕەحمان پاشای بابانەوە کرابووە وەکیلی وەزیر، یا رەنگە فەرمانی وەزارەتەکەی لە مانگی (جمادی الاول)دا لە ئەستەمبوڵەوە گەیشتبێتە بەغداو رەنجووریش تا ئەو کاتە ساڵنامەکەی تەواو نەکردبێ. مامۆستا عەبدولڕەقیب درێژە بەباسەکەی دەدات سەبارەت بەو ساڵنامەیە، ئێمەیش لێرەو لەوێ هەندێکی لێرەدا تۆمار دەکەین.

رەنجووری باسی رووداوەکانی ژیان‌و بنەماڵەکەی خۆی دەکات. ناوی (ساری)ی خوشکی بردووە کە لە

(27)ی شەوالی (1198) کۆچی (1783 – 1784) زاینی کۆچی دوایی کردووە. ناوی کچێکی هێناوە بەناوی (میسریە)وە کە لە رۆژی سێ شەممەی نێوەراستی مانگی موحەڕەمی ساڵی (1193)ی کۆچیو (1779)ی زاینی لەدایك بووە. لە مانگی جەمادی ئاخر ساڵی (1212)ی کۆچیو (1797)ی زاینی شووی کردووە.

رەنجووری لە تەنیشت یەکدا (انکاح سلطانة..)و (أنکاح آمنة)ی نووسیوەو نەیگوتووە لە چ پیاوێك مارەکراون. باسی مردنی هەردووکیانیشی کردووە. سلطانە لە بەرەبەیانی رۆژی سێشەممەی (23)ی رەبیعول ئەوەلی ساڵی (1209)ی کۆچی (1788 – 1789)ی زاینیداو ئامینە لەکاتی چێشت خواردندا رۆژی (12)ی زیلحجەی بەرامبەر بەرۆژی دووەمی تشرینی ساڵی (1213)ی کۆچی (1798 – 1799)ی زاینی، کۆچی دووایی کردووە. مامۆستا عەبدولڕەقیب دەڵێ کە بایەخدانی زۆری رەنجووری بەمێژووی کۆچی دوایی ئەو دوو ئافرەتە بەو جۆرە وردەکارییە، دەمانخاتە سەر ئەو رایەی کە هەردوو ئافرەتەکە ژنی خۆی بووبن.

رەنجووری نووسیویەتی کە لەڕێکەوتی رۆژی (19)ی زیلقەعدەی ساڵی (1197)ی کۆچی (1782 – 1783)ی زاینی ماڵەکەی بردووەتە نزیك (مسجد جدید) واتە مزگەوتی نوێ لە کەرکوك. لە پاشاندا چووە بۆ ئاغجەلەرو دووبارە بۆ جارێکی تریش لە رۆژی (15)ی سەفەری ساڵی (1201)ی کۆچی (1786 – 1787)ی زاینی، لە ئاغجەلەرەوە ماڵەکەی گەڕاندۆتەوە بۆ کەرکوك، بۆ نزیکی هەمان مزگەوت. مامۆستا عەبدولڕەقیب دوو دڵە کە ئایا ئەو مزگەوتە دەبێت لەکوێدا بووبێت لە شاری کەرکوك؟ ئێمەیش لێرەدا دەڵێین مامۆستا دڵنیابە هەر ئەو مزگەوتەی ئێستایە کە لەلایەن باوکی رەحمەتیمەوە سەرلەنوێ دامەزرایەوە. ماڵەکەیشی بەتەنیشت مزگەوتەکەوە بووە، کە ئێستا دایکم تیایدا دەژێت..

هەروەها شاعیر رۆژی تۆبەکردنیشی لەسەر دەستی شێخ ئەحمەدی عەودالان لە ساڵی (1776 – 1777)ی زاینی تۆمار کردووە.

ناوی برایەکی خۆی بردووە کە (فەقێ ساڵح)ەو لە سەرەتای مانگی موحەڕەمی ساڵی (1197)ی کۆچی (1782 – 1783)ی زاینی ژنێکی بەناوی شەهنازەوە هێناوە. لە رۆژی (12)ی رەبیعولئەوەلی ساڵی (1205)ی کۆچی (1790 – 1791)ی زاینی کوڕێکی بووەو ناوی ناوە (خالید) هەروەها کچێکی بەناوی (سوراحێ)وە هەبووە.

رەنجووری چەند جارێك لە دەستنووسەکانیدا ناوی خۆیو باوکی بەم شێوەیە هێناوە (عمر بن خالد بیك) ناوی (عمر بن رەنجوری بن خالد) لەسەر مۆرەکەی هەڵکەندراوەو چەند جارێکیش ناوی خۆی بە (فەقێ عومەر)و (مەلا عومەر) نووسیوە. لە لیستی چوارەمدا نووسیویە لە ساڵی (1164)ی کۆچیدا (1750 – 1751)ی زاینی لەدایك بووە. مامۆستا عەبدولڕەقیب دەڵێ رەنجووری لە خێڵی (شاڵەبەگی)یە هەروەك لە کۆتایی (باب الفرائض) لە (تحفەی ابن حجر)دا لەم گوزارەیەی خوارەوەدا خستوویەتیەڕوو:

(تمت من ید الحقیر الفقیر الی رحمة ربه الکبیر عمر الرنجوري بن خالد بیك الشالة بكي عشیرة والشافعي مذهبا والعلواني والآبد الاني طریقة..)

وەك لەم دەستنووسەدا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە شوێنی عەشیرەتەکەی رەنجووری بەبەتاڵیو بەبۆشی دەردەکەوێت، بەڵام پاش ماوەیەك خۆی یاخود هەر یەکێکی تر لە سەرەوەی ناوەکەی رەنجووری وشەی شاڵە بەگی داناوە.. لەڕاستیدا ئێستا لە رۆژی ئەمڕۆماندا عەشیرەتێکی بەناوبانگ لە هەموو کوردستاندا بەدی ناکرێت بەناوی (شاڵە بەگی)ـەوە، بەڵام چەند ناوچەیەك هەن بەناوی ناوچەی شاڵە بەگیان. وەك مامۆستا عەبدولڕەقیب لەپاش گەڕانو سۆراخ بۆی دەرکەوتووە کە بە (دۆڵی خەلەکان) دەوترێت (دۆڵی شاڵە بەگیان) کە لە دێی (بێستانە) دووریانی رانیەو کۆیەوە درێژ دەبێتەوە تا سەر رووباری (زێ)، زنجیرە چیای (کۆسرەت)یش پێی دەوترێت (کۆسرەتی شاڵە بەگیان) هەروەها مامۆستا دەڵێت، ئێستا گوندێکی بچووك لە ناوچەی سورداش

بەناوی شاڵبەگیەکانەوە بە (کانی شاڵەبەگ) ناسراوە، بەڵام ناوبراو لە پوختەی زانیارییەکانیدا دەڵێ: ئێستا بەخێڵی شاڵەبەگی دەڵێن (شالی ئاغایی) ئەمانە لە بنچینەدا لە ناوچەی (لاجان)ی موکریانەوە بۆ کوردستانی ئەمدیو هاتوون.

وەك دەزانین رەنجووری بەزۆری بەشێوەزاری ماچۆ شیعری وتووە، بەڵام ئەم ناوچانەی کە مامۆستا عەبدولرەقیب ناوی بردوون، بەهیچ شێوەیەك خەڵکەکەی بەزمانی ماچۆ نەدواون و هەرگیز لەو ناوچانەیشدا شاعیرێك هەڵنەکەوتووە کە بەشێوەزاری ماچۆ شیعر بڵێت.. ئەوەتا مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس و دکتۆر مارف خەزنەدارو مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی، وەهای بۆدەچن کەوا رەنجووری سەر بەهۆزی زەنگنەی ماچۆ زمان بووە. مامۆستا مەلا جەمیلی رۆژبەیانی‌یش وەهای بۆچووە کەوا رەنجووری سەر بەهۆزی (شێخان)ی ماچۆ زمان بووە.. مامۆستا عەبدولرەقیب یوسفیش وەهای بۆچووە کەوا رەنجووری سەر بەخێڵی (شالەبەگی) بووە.. مامۆستا ئەحمەد تاقانەیش وەهای تێدەگات کە بەتەنیا یەك رەنجووری نەبووبێت، بەڵکو چەند شاعیرێك بەو ناوەوە هەبووبێتن و یەکێکیانیش بەزمانی تورکی شیعری وتبێت.. منیش لێرەدا سەرەڕای رێزو حورمەتم بۆ تێکرای ئەو نووسەرە خۆشەویستانە، دەڵێم هەروەك هاشم کاکەیی بۆی چووە بەتەنیا یەك رەنجووری هەبووەو خەڵکی کەرکوکیش بووەو بەرەنجووری کەرکوکی ناسراوە. هەر ئەو رەنجووریەیش بەشێوەزاری ماچۆو بەشێوەزاری سۆرانی‌و بەزمانی تورکی‌و فارسی شیعری داناوە، بەدووریشی نازانین گەر بەزمانی عەرەبیش شیعری وتبێت.. ژیانی لە ناوچەی ئاغجەلەرو شاری کەرکوکدا لە گەرەکی زێویەی سەر بەگەرەکی گەورەی ئیمام قاسم بردۆتە سەر، ئێستایش مزگەوتەکەی ماوەو وەك وتم لەساڵی (1958)دا باوکی مەرحومم سەر لەنوێ دایمەزراندەوەو بەمزگەوتی مەلا عەبدولجەبار ساڵەیی ناسراوە. بەڵام بەعسییەکان ناوەکەیان گۆڕی و لەپێناوی مەبەستی شۆڤێنیی خۆیان، ناوەکەیان کرد بە (جامع الرحمن). سەرەڕای رێزم بۆ وشەی پیرۆزی (رحمن)، من داوا لە ئەوقافی کەرکوك دەکەم کە پارێزگاری لە وشەی رەحمان بکرێت و ناوی مزگەوتەکەیش بەزمانی کوردی بنووسرێت (مزگەوتی رەنجووری)..

شاعیرمان پەیوەندییەکی باشی هەبووە لەگەڵ شاعیران و پیاوە ناسراوەکانی سەردەمی خۆیدا. نامەشیعری گۆڕینەوەکانی لەگەڵ چەند شاعیرێکی سەردەمەکەی خۆیدا بەتایبەتی لەگەڵ یەکێکی وەك وەلی دێوانەدا، باشترین بەڵگەن بۆ ناوبانگ و جێ و مەقامی رەنجووری. بۆ نموونە لە ساڵی (1192)ی کۆچی (1778)ی زاینی لەگەڵ (شێخ)دا تا داقوق چووە بۆ خواحافیزی و بەڕێکردنی (حەسەن پاشای) والی کەرکوك.

بەبۆنەی مەرگی وەلی دێوانەوە، رەنجووری بەپارچە شیعرێك شیوەنی بۆ ئەو هاوەڵەی بەشێوەزاری ماچۆ گێڕاوە، (رازی) ئەم هەڵبەستەی کردووە بەسۆرانی کە تێیدا دەڵێ:

یاران بێ هەستم، یاران بێ هەستم
یاران لەداخی دڵم بێ هەستم
حاڵ پەرێشان و دڵ ماران گەستم
ژیان و شادی دەرچوو لەدەستم
پەنگی خواردەوە هۆنراوەی جوانم
خەفەت وەکو کێو بارە لەشانم
بەلێڵی ئەسرین لەچاو دێتەخوار
دیدەی بینینم تاریك بوو بەیەکجار
ئاگر لەدڵ و دەروون بەربووە
دوکەڵی ئاهی چیای گرتووە

بۆ كۆچی دووا كۆچ! (وەلی دێوانە)

ناوداری عەشق (میرزا)ی زەمانە
خاوەنی شیعری ئاودارو بەتام
(میرزا وەلی) بوو (دێوانە)ی پڕفام
خاوەن بەیتو فەرد كانگای كەماڵ بوو
بەزمو نەزم تەڕ، خاوەن خەیاڵ بوو
داناو زانا، ساحێب ئاسار بوو
لە هەڵبەستی جوان پێشكەوتوو دیار بوو
ویردی سەر لێوی خاوەن وەزیر بوو
بەیتی پڕ مانا زۆر رۆشنبیر بوو
چرای رووناكی ئێڵی جافان بوو
شانەی لەت لەتی پرچ كلاڤان بوو
دەنگی دابووەوە لەهەموو شاران
بەرزی كردبووەوە ناوی ناوداران
هەرچەند كەمدوو بوو شیعری خۆش تەرزە
لەسایەی شیعری تیرەی سەربەرزە
(زەند) و (زەنگنە) و (جاف) و (پالانی)
هەموو سەربەرزن بە (قەیس)ی سانی
لەشیعری شیرین تەواو مەشهور بوو
لەهەڵبەستی جوان (سەعدی) دەستور بوو
نازدارو جوانی (بنكوڕە)و (زەهاو)
خانەدانی ئێرەو ئەوبەری ئاو
هەمیشە دڵشاد بەشیعری خۆشی
عەشقیان گەرم كا عەشقی لەجۆشی
سینگی سەدەفی گەنجینەی دوڕ بوو
دڵو دەروونی لەزانین پڕ بوو
زوبانی رەوان (زەنگەنە) و (زەند)
بۆی بەجێ هێشتین ئامۆژگاریو پەند
حەیفە حەیف چەرخی چەواشەی چەپگەرد
(میرزا)ی هەڵكەوتووی ئەمرۆی ئێمەی برد
بادەی مردنت بەزۆر پێ نۆش كرد
رووی لەجیهانی كپو خامۆش كرد
كێ بێ لەدووای ئەو ئاوەها بتوانێ؟
كێ رەسمو قانون (مەجنون) بزانێ؟
كێ مەدحو سەنای بالای جوانان كا؟
كێ نووری چاوی پێشكەش چاوان كا؟

کێ پەروانەی بێ بۆ شەم جەبینان؟
کێ بێ سەناخوان پەرچەم موشکینان؟
کێ لەبای شەماڵ بپارێتەوە؟
کێ بەرد بەئاهی بتاوێتەوە؟
دووای مەرگی بەڕێز میرزای پڕمایە
خۆزگە ئەم چەرخە هەڵبگێرایە
خوایە رووی رەحمی لێ بدەرەوە
لەبەهەشتی خۆت جێی بکەرەوە
رەنجووری بۆ مەرگ میرزای دێوانە
ئاخو داخیە لەدەست زەمانە [10].

کاتێك کە عەبدولڕەحمان پاشای بابان لە شاری حیللەدا دەستبەسەر یاخود بەند کراو دەبێت، رەنجووری هەستو سۆزی کوردایەتی هەڵدەچێتو بەو بۆنەیەوە هەڵبەستێك دادەنێت کە لە بەشێکیدا دەڵێت:

شەماڵ شنیار شەماڵ شنیار
شەماڵ شەوگەرد شەمیم شنیار
شەن کەردەی شکەنج گێسووی لوول یار
شاناو تاناکەر بەڕەزای موغار
بۆ وەشتەر نەعەتر عەبیران بێزەن
بۆی ئەشەد بووان پەی وێ ئاخێزەن
مەحرەم پەردەی پەردە نیشانان
زینەت ئەفزای زەوق خورشید جەمینان
گوستاغ یاتاغ جا نەپێواران
رازدار ئەسرار مابەین یاران
شادی بەخش قەلب دەردەداران گشت
کلیل قاپی رازیار وەمشت
چون شای جەوانان گۆش دەربەواتەم
شەرحێم نویسان سەرکەیل ماتەم
رەوان بەڕاهی چون بەرق رەهوار
مدارا مەکەر تا وە (بەغدا) شار
نەبارگەی خاسان بوازە هیمەت
رووکەر نەماوای قەیس پڕ بەینەت
دەور بدەر نەمۆڵك (بابل) بێ ئەندێش
بشۆ وەجاێی (حیللە) ماچان پێش
شەهزادێ جە نەسڵ بەگزادەی بابان
جە نەوەی ئۆجاغ مالیك ریقابان
والی ویلایەت (گشت کوردستان)ـەن
ئیسم شەریفش (عبدلڕەحمان)ـەن

ستارەی بەختش قەیران نەحسەن
جە حیلەی دنیا نە (حیللە) حەبسەن
بشۆش ئەو خیدمەت وێنەی خێرخواهان
باوەر وەهەم ئاداب شاهان
جەو دەما عەرزکەر ئادابان سەخت
سەرگەشتەگی حاڵ بەرگەشتەگی بەخت
واچە ئاغایان نەدیمان خاس
خاسەی غولامان قۆچاغ ئیخلاس
دوور بۆ قورعەی فاڵ نەرد نەحس شەندن
نامەی نائومێد بەخت تۆ وەندن
تکەی زووخ نەتۆی پڕەی دڵ وەردەن
پا بۆس دامان خوا جای نۆکەردن
چەند کەسێ چون کۆر ئومێد وەدیدە
بەویر تۆوە بین ئارەمیدە
جە خۆف ئاسیب تەعنەی ئەغیاران
وێشان ئاوین کەرد نەگۆشەی شاران
ماتو سەرگەردان پەرگەندەو فیرار
بێ سەبرو ئارام وێنەی دەردەدار
پۆل خاڵخاسان پەروەردەی سەهەند
سەرسام بین نەجەور زمانەی پڕ بەند[11] .
لەبواری شیعری لیریکیدا شاعیر دەستێکی باڵای هەیە، بەوێنەو ئامرازی هونەرییەوە خۆی دەنوێنێتو سەرکەوتن بەدی دەهێنێت، ئەوەتا دەڵێت:
بەخارانەوە بەخارانەوە
قیبلەم وەس سفتەم بەخارانەوە
وەس جەرگم بدرە بەخارانەوە
باوەس دڵ خار بۆ بەخارانەوە
وەس زاڵم بەنێش شکارانەوە
باوەس بگێڵوون بەکارانەوە
مایەی بێ مەیلت بشارانەوە
بکینا پەیکێ بەیارانەوە
مەجنوونت جە نەجد بیارانەوە
عەرزەی وەفاو بەین مەپێچانەوە
با هەر بمانۆ بەو پەیمانەوە
لەیل ئاسای قەدیم وەر جە رۆی وەفات
با عام بزانن بەشەرتو وەفات
نەبا نا غافل جەرگەی بەد واچان

جە رووی بێ بەینیت حەرف بواچان
(ڕەنجووری) ڕەنجەن بەڕەنجانەوە
هەنی وەس دڵش بڕەنجانەوە.[12]

شاعیر هەردەم وەك شاعیرێکی کەرکوکی خۆی پیشان دەدات. دوو سەد ساڵ لەمەوبەر گڕی باوەگوڕگوڕو (نەفت)ـەکەی سەرنجی شاعیری ڕاکێشتووە، هەڵبەستێکی لەبارەی نەوتەوە داناوە. (حاجی قادری کۆیی) هەقی بووە کە بەسەر شاعیردا هەڵبداتو بڵێت:

یەکێ (ڕەنجووری) ئەهلی کەرکوکە
فیکری بیکری هەموو وەکو بووکە.[13]

زۆرجار ڕەنجووری ناوی کەرکوکی تێکەڵکێش بەشیعرەکانی کردووە، بۆ نموونە دەڵێت:

وڵگەی (کوردستان) تاوە (کەرکوك) شار
بەندبییەن وەدام سەییادیت تەیار
(ئەربیل) و (موسڵ) تاسەر حەد (شام)
تۆ وەشێخ عەسر مزانان وەعام[14]

ڕەنجووری وەك مێژوونووسێکیش کەوتۆتە کارو گەلێك زانیاریی بەنرخی تۆمار کردووە. ساڵنامەکەی باشترین بەڵگەیە بۆ دەرخستنی ئەم لایەنە گرنگەی شاعیر. لەهەمان کاتدا لە شیعرەکانیشیدا هەندێك زانیاریو بابەتی مێژوویی بەشێوەیەکی هونەری خستۆتەڕوو. بۆ نموونە لە ساڵی (1779)دا لە شاری کەرکوکو بەتایبەتی لە گەڕەکی (ئاخوڕ حوسێن) کە بەشێکە لە گەڕەکی گەورەی ئیمام قاسم، پەتای ڕشانەوە (طاعون) بڵاودەبێتەوە، خەڵکی لە ترسانا کۆڕەو دەکەنو ڕوودەکەنە ئەو دەشتو دەرەو بەشێکی زۆریشیان بەو پەتایە دەمرن. شاعیر لە هەڵبەستێکیدا ئەو ڕووداوەی تۆمار کردووە، ئێمە لێرەدا بەشێك لەو شیعرەی دەخەینە ڕوو کە شاعیر تیایدا دەڵێت:

ئەوسا کە کەرکوك حاڵش واتار بی
جە (ئاخوڕ حوسێن) طاعون ئیظهار بی
بەعزێ خەلق فیرار بەعزێ فانی بی
ئەو طاعوون قڕان سلێمانی بی
سەنەی تەئریخش (غریبا) بی نەقش
هەزارو دوو صەدو هەشتو یەك بی [15]

وەك پێشتر دەسنیشانمان کرد یەك ڕاستی هەیە ئەویش ئەوەیە کە یەك ڕەنجووری هەیەو ئەویش ڕەنجووری کەرکوکییە. زۆربەی شیعرەکانی بەزمانی ماچۆی هەورامییە، چونکی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ئەو شێوەزارە زمانحاڵی زۆربەی شاعیرە کلاسیکییەکان بووە. بۆ نموونە یەکێکی وەکو مەولەوی کە لە خێڵی جافە، بەڵام بەشێوەزاری ماچۆ شیعری وتووە.

جەمال نەبەز لەم بارەیەوە دەڵێ:

زارەوەکانی گۆران ئەو زاراوانەن کە لە هەورامانو ناوچەی زەنگەنەو ناوچەی کاکەییەکان لە کەرکوك قسەی پێ دەکرێو بەزمانی (ماچۆ) واتا (دەڵێم) نێوی ڕۆیوە. زاراوەی گۆرانی ڕۆژێ لە ڕۆژان زمانی ڕەسمیی میرنشینی ئەردەڵان و ماوەیەکیش هی بابان بووە. لە شاعیرە گەورەکانی ئەم شێوەیە، خانای قوبادیو مەولەوی)[16].

تاکو ئێستا لەنێو مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا وەها باوە گوایە هەر سێ شاعیری کلاسیکیمان (نالی) و (سالم) و (کوردی) بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بەشێوەزاری سۆرانی شیعریان وتووە.. لەڕاستیدا

ئەمە هەڵەیەکی گەورەو گرانە، چونکی گەرچی ئێمە جیاوازیو تەفرەقە ناکەین لەنێوان شێوەزارە جیاجیاکانی زمانی کوردیدا، بەڵام دەبێت دان بەو راستییەدا بنێین کە (رەنجووری کەرکوکی) لەپێش هەموو شاعیرە کوردییەکانەوە بەشێوەزاری سۆرانی شیعری داناوە.. وەك زانراوە رەنجووری (1750 – 1810) لەنێوەراستی سەدەی هەژدەمدا لەدایك بووەو لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا کۆچی دوایی کردووە. لەکاتێکدا (نالی 1800 – 1856) و (سالم 1805 – 1869) و (کوردی 1812 – 1850) پاش مردنی رەنجووری سەریان هەڵداوەو لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا لەدایك بوون..

رەنجووری کۆمەڵێك شیعرو هەڵبەستی بەشێوەزاری سۆرانی داناوە. لێرەدا لە خوارەوە تەخمیسێکی مەلا عومەری رەنجووری لەسەر غەزەلێکی (حافظ) بۆ نموونە دەهێنینەوە:

لەم بەختی پەرێشان بەچ لەونێکی نەکەم داد
هەرتا کەجەوان بووم‌و قەوی طالیع و دڵشاد
ئەصلا هەوەسی وەصلی کەسێکم خۆنە بوو یاد
(پیرانە سرم عشق جوانی بسر آفتاد)
(أین راز کەدر دل بنهفتم بدر آفتاد)

* * *

ئەی یارو برا بۆ دڵی بێچارە چ تەدبیر
بۆ وەصلی جووانێ کە بریندارم بەصەد تیر
تەقصیرو خەطای من نەبوو لێکن وەبوو تەقدیر
(أز راە نەزەر مرغ دلم گشت هواگیر)
(أی دیده نگاە کن کەبدام کەدر آفتاد؟)

* * *

ئەی شێخی شەرەف مەنصەبی کامیل بەکەماڵات
وەی صۆفیی دڵ صاف هەموو دەم بەعیبادەت
قططه عنەمەدەن ئیدی لەرەندانی خەرابات
(بس تجربه کردیم درین دیر مکافات)
(با دردکشان هر کە در أفتاد بر أفتاد)

* * *

قەط نابێ رەهی سەعی بەیەك بارە ببێ سەد
(ارنەز أزل هرچی بوو نیكو طربد)
مومکین نیە تەقدیر بەتەدبیر ببێ رەد)
(طر جان بدهد سنگ سیاه لعل نطردد)
(با گینت اصلی چه کند بد طهر افتاد)

* * *

عیشقە سەبەبی حاصڵی هەر مەتڵەبو مەقسوود
بێ تابشی عەشقت نەبووە زەڕڕەیێ مەوجوود

(رەنجووری)! مەبە دوور لەعەشق ئەو دەتەوێ سوود
(حافظ) كەسر زلفت بتان دەست كشش بود)
(بس گرفه حريفيست كش أكنون بسر أفتاد) [17]

**پەراوێزەكان**

1. دیوانی حاجی قادری کۆیی، ئەمینداریێتیی گشتی، هەولێر، 1986. ل (224)
2. محەمەد عەلی قەرەداغی، دیوانی رەنجووری (مەلا عومەری زەنگنە)، بەغدا 1986 ل (11 – 12).
3. محەمەد جەمیل رۆژبەیانی، شاعیرانی شێخان، دەنگی گێتی تازە بەرگی (26) ژمارە (14) چواری شوباتی 1946، ساڵی سێیەم، ل (297 – 299) .
4. ئەحمەد تاقانە، رەنجووریو چەند شاعیرمان بەو ناوەوە هەیە؟ !، رۆژنامەی (باسەرە)، (11) حوزەیرانی (2003)، ژمارە (7).
5. نەوزاد محەمەد کاکەیی، هیجری دەدەی کاکەیی، رۆژنامەی (ئاسۆ)، ساڵی (2006).
6. دکتۆر مارف خەزنەدار، رەنجووری، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر (2002)، ل (115).
7. محەمەد عەلی قەرەداغی، رەنجووری، کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا (1980)، ل (57) .
8. مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، دکتۆر مارف خەزنەدار، ل (119).
9. بەشێك لەژیانو بەرهەمی زاناو شاعیری کورد (مەلا عومەری رەنجووری شالەبەگی، عەبدولرەقیب یوسف، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (107)، بەغدا ساڵی (1985)، ل (155).
10. دیوانی وەلی دێوانە، سۆرانیو هەورامی، ئامادەکردنو وەرگێرانی: رازی، أنتشارات کردستان. سنندج. چاپی دووەم 1384 ی کۆچی. شیوەنی رەنجووری بۆ مەرگی وەلی دێوانە، ل ل(95 – 96 – 97).
11. دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، ل ل (135 – 136).
12. سەرچاوەی پێشوو، ل (126 - 127).
13. دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی کوردستان، ل (105).
14. دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، ل (135).
15. محەمەد عەلی قەرەداغی، دیوانی رەنجووری، ل (78).
16. جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، (بامبێرگ 1976، ل (22) .
17. محەمەد عەلی قەرەداغی، دیوانی رەنجووری، ل(234 – 235).